وەزارەتی دارایی خەرجکردنی قیستی حەوتەمی شایستەکانی جووتیاران بەسەرووی 233 ملیار دینار ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی دارایی، خەرجکردنی قیستی حەوتەمی شایستەکانی جووتیارانی ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەڵەع کەوتووە، هاتووە: "بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری دەستی کرد بە خەرجکردنی بڕی (233,999,993,760) دینار بۆ حیسابی بانکیی وەزارەتی بازرگانی، ئەمەش بۆ دانەوەی شایستەکانی ئەو جووتیارانە کە بەرهەمەکانی (گەنم و شەڵک/برنج)ی وەرزی کشتوکاڵی 2025یان بە بازاڕ کردووە، ئەم بڕە پارەیەش نوێنەرایەتیی قیستی حەوتەمی شایستەکان دەکات."

ئاماژەی بەوەشکرد: "ڕێکارەکانی خەرجکردن بە پشتبەستن بە ڕەزامەندیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزیری دارایی ئەنجامدرا، ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوونی حکومەت بە پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و دڵنیابوون لە مافی جووتیاران و بەردەوامی لە پێدانی شایستە داراییەکانیان."